


# Marxist Theory and the Proletariat

# تیۆریی مارکسیستی و پرۆلیتاریا

## ڕۆزا لۆکسمبێرگ

OMMUNE center
ناوەندی کۆمۆن

# تیۆریی مارکسیستی و پرۆلیتاریا

# ١٩٠٣

**"فەیلەسوفان بە ڕێگەی جیاواز تەنیا جیهانیان ڕاڤە کردووە، لە کاتێکدا مەبەستەکە گۆڕینی جیهانە"**

**مارکس: یازدە تێز لەبارەی فۆیەرباخ**

بیست ساڵ لەمەوبەر، مارکس مرد، هەرچەندە تەنیا دوو ساڵ لەمەوبەر ئەزموونی ئەوەمان کرد کە لە زمانی پرۆفیسۆرانی ئەڵمانی پێی دەوترێ "قەیرانەکانی مارکسیزم"، ئەمە بەسە بۆ ئەوەی سەیرێکی ئەم ئاپۆرەیە بکەین کە ئەمڕۆ بە تەنیا دوای سۆشیالیزم کەوتوون لە ئەڵمانیا و سەیرێکی گرنگی سۆشیالیزم بکەین لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بۆ ئەوەی لە گەورەیی کارە هزرییەکانی مارکس تێبگەین.

ئەگەر بمانەوێ بەکورتی بە چەند وشەیەک ئەوە دەرببڕین کە مارکس بۆ چینی کرێکاری ئێستای کردووە، ڕەنگە بتوانین بڵێین: مارکس وەک کاتیگۆرییەکی مێژوویی پەردەی لەسەر چینی کرێکار هەڵماڵی، واتا چینێک بە هەبوونی دۆخی تایبەتی مێژوویی و یاسایی بزووتنی خۆیەوە. ئاپۆرەی چینی کرێکار، کە بەهۆی هاوشێوەیی دۆخی کۆمەڵایەتییان لە کۆمەڵگە بۆرژوازییەکاندا بوونە پشتیوانی یەکتر و بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕان بۆ دەرچوون لەم دۆخەدا، بەتایبەتی بەدوای پردێک دا دەگەڕان بۆ گەیشتن بە سەرزەمینی بەڵێنپێدراوی سۆشیالیزم، ئەمە پێش مارکسیش لە وڵاتانی سەرمایەداریدا هەبوو. مارکس یەکەم کەس بوو کە کرێکارانی بۆ چینی کرێکار

بەرزکردەوە لە ڕێگەی پەیوەستکردنی ئەوان بە ئەرکێکی مێژوویی تایبەتەوە، کە ئەویش بریتی بوو لە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە شۆڕشی سۆشیالیستیدا.

خەباتی چینایەتی بۆ گرتنە دەستی دەسەلات بریتی بوو لە پردێک کە مارکس لە نێوان سۆشیالیزم و بزووتنەوەی پرۆلیتاریادا دروستی کرد، کە بە شێوەیەکی سەرەتایی لە بناغەی کۆمەڵگەی ئێستاوە سەری هەڵداوە. بۆرژوازی هەمیشە دڵنیایی پیشانداوە کاتێک بە ڕق و ترسەوە دوای ئامانجە سیاسییەکانی پرۆلیتاریا کەوتووە. پێشتر لە نۆڤەمبەری ١٨٣١دا، کاتێک ڕاپۆرتی لەبارەی هەڵچوونە یەکەمییەکانی چینی کرێکارانەوە کردووە بۆ پەرلەمانی فەرەنسی، کاسیمیر پێریێ[1] دەڵێت: "بەڕێزان، ئێمە دەتوانین ببوژێینەوە! هیچ شتێکی سیاسی لە بزووتنەوەی کرێکارانی لیۆنەوە سەرهەڵنادات". چینە باڵا دەستەکاندا هەموو هەڵچوونێکی سیاسی پرۆلیتاریا بەهەندوەردەگرن وەک نیشانەیەکی سەرەتایی هاتنی ئازادی کرێکاران لە دەسەڵاتی چەوسێنەری بۆرژوازی.

تەنیا مارکس سەرکەوتوو بوو لە دانانی بناغەیەکی هۆشیاری خەباتی چینایەتی بۆ سیاسەتی چینی کرێکاری و گۆڕینی بۆ چەکێکی کوشندە دژی ڕیزبەندی و سیستەمی کۆمەڵگەی هەبوو. تێگەیشتنی ماتەریالیستی بۆ مێژوو بەگشتی و تیۆریی مارکسی بۆ گەشەکردنی سەرمایەداری بەتایبەتی بناغەیەکیان بۆ سیاسەتی سۆسیال دیموکراتیی هاوچەرخ دامەزراند. تەنیا بۆ کەسێک کە جەوهەری سیاسەتی سۆسیال دیموکراتی و جەوهەری مارکسیزم یەکسان بکات بە شتێکی نامۆ و نەشیاوی تێگەیشتن، دەتوانێ بیر لەوە بکاتەوە کە هۆشیاری چینایەتی سیاسەتی کرێکاری لە دەرەوەی تیۆریی مارکسی شتێکی شیاوە.

لە کتێبەکەیدا لەبارەی فۆیەرباخ (١٨٨٦)، ئەنگڵس جەوهەری فەلسەفە وەک پرسیارێکی نەمر سەبارەت بە پەیوەندی نێوان هزر و بوون، پرسیاری هۆشیاری

مرۆڤ لەناو جیهانی ئۆبژێکتیڤ و ماتڕیالی فورموله دەکات. ئەگەر ئێمە چەمکەکانی بوون و هزر له جیهانی ئەبستراکتی سروشت و بیرکردنەوەی تاکەوە کە فەیلەسوفان جەختی لەسەر دەکەنەوە بگوازینەوە بۆ جیهانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەوا بە تێگەیشتنێکی دیاریکراو دەتوانرێ هەمان شتیش سەبارەت بە سۆشیالیزم بوترێ. سۆشیالیزم هەمیشە ئەو هەستەی هەبووە و بەدوای ئەو ئامراز و ڕێگەیانەدا گەڕاوە تاکو فۆڕمە هەبووەکانی مێژوو لەگەڵ هۆشیاری کۆمەڵایەتی پێکەوە گرێ بدات.

دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ ئەرکێکی چارەنووسسازی چەند سەدە کۆن بۆ مارکس و ئەنگلسی هاوڕێی بەجێهێڵدرا بوو. مارکس گرنگترین بزوێنەری مێژووی بۆ ئاشکرا بووە لە ڕێگەی دۆزینەوەی ئەوەوە کە مێژووی هەموو کۆمەڵگە هەبووەکان لە دوا جاردا بریتییە لە مێژووی پەیوەندییەکانی وەبەرهێنان و ئاڵوگۆڕ، کە گەشەکردنەکەی خۆی لەژێر حکومی موڵکی تایبەتیدا لە دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا وەک خەباتی چینایەتی دەردەخات. بۆیە ئێمە ڕوونکردنەوەی پێویستی نایەکسانی لە نێوان هۆشیاری و بوون لەناو هەموو فۆڕمەکانی کۆمەڵگە، لە نێوان ویستی مرۆڤ و کردەی کۆمەڵایەتی، و لە نێوان ئامانجەکان و ئەنجامەکاندا بەدەستدەهێنین.

مرۆڤایەتی یەکەم جار بەهۆی بیرۆکەکانی مارکسەوە نهێنی پشتی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی ئاشکرا کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، دۆزینەوەی یاساکانی گەشەکردنی سەرمایەداری ئەو ڕێگەیەی بەرفراوانتر کرد کە کۆمەڵگە لە قۆناغی سروشتی و ناهۆشیاری خۆی دەربچێت، لەو ماوەیەدا کە مێژوو بە شێوەیەک دروستکرا وەک چۆن مێشهەنگ شانەی خۆیان دروست دەکەن، بۆ قۆناغێکی هۆشیاری، ئامانجدار، و مێژووی ڕاستەقینەی مرۆڤ، کە بۆ یەکەم جار تێیدا ویست و کرداری کۆمەڵگە پێکەوە گرێدران، بۆیە مرۆڤی کۆمەڵایەتی بۆ یەکەم جار ئەو شتە دەکات کە خۆی دەیەوێت بیکات.

لە زمانی ئەنگڵسەوە بڵێین، ئەم کۆتاییە "بازدانە لە جیهانی پێویستییەوە بۆ جیهانی ئازادی" کە تەنیا شۆڕشی سۆشیالیستی دەتوانێ بۆ هەموو کۆمەڵگەی بەدیبهێنێت، کە پێشتر لەناو سیستەمی هەبوودا ئامادەیی هەبووە- لەناو سیاسەتی سۆسیال دیموکراتی[2]. بە ئادریانەوە Ariadne داوی تیۆریی مارکسی لەناو دەستیاندایە، پارتە کرێکارییەکان لە ئەمڕۆدا تاکە پارتن کە دەزانن لە ڕوانگەی مێژووییەوە چی بکەن، بۆیە ئەوە دەکەن کە حەزیان لێیەتی بیکەن. ئەمە هەموو نهێنی دەسەڵات و هێزی سۆسیال دیموکراسییە.

جیهانی بۆرژوازی بۆ ماوەیەکی درێژ سەری سوڕمابوو بەهۆی بەرگری و هەستانەوە و پێشکەوتنی بەردەوامی سۆسیال دیموکراتی. جار جارێک تاکە گەمژەییەک بوونی هەبوو کە خۆی لە ئاست سەرکەوتنە مۆڕاڵییە تایبەتییەکانی سیاسەتەکانماندا کوێر دەکرد، بۆیە ئامۆژگاری بۆرژواکان دەکەم لە نموونەکەی ئێمەوە و لە نهێنی دانایی و ئایدیالیزمی سۆسیال دیموکراتییەوە وانەیەک فێربن. ئەوان تێناگەن کە سەرچاوەی ژیانی گەنجان و وزەیان بۆ هاندانی سیاسەتی چینی کرێکار پێشوەختە بووە بە ژەهر بۆ پارتە بۆرژواکان.

بۆیە لە ڕاستیدا ئەوە بەهێزی مۆڕاڵی ناوەکی بە ئێمە دەدات بۆ هەڵتەکاندنی گەورەترین فشار و چەوساندنەوەی وەک دەیان ساڵ دژایەتی یاسایی سۆشیالیستەکان[3]، بە پێکەنینێکی وەها ئازایانەوە؟ ئایا ئەمە نموونەی نزیکایەتییەکە بۆ هاندانی بەرەوپێشچوونێکی بچووکی دۆخەکەیان؟ پرۆلیتاریای مۆدێرن وەکو نەزانێک نییە و وەک بۆرژواکان نایەنەوێ ببن بە پاڵەوان لەپێناو خۆشی ڕۆژانەییدا. جیهانی تاریکیی توندڕەوی و ئاشکرای یەکێتییە بازرگانییە ئینگلیزییەکان پیشانی دەدات کە چۆن بەدەستهێنانی کەمێک ماتریاڵ لە داهاتوودا بۆ چینی کرێکار دەتوانێ مۆڕاڵێکی ساختە دروست بکات.

ئایا ئەو ستۆیسیزمەی کە لەناو سێکتی مەسیحییە ڕەسەنەکاندا بەڕوونی دەدرەوشێتەوە واتا چەوساندنەوەی پتر بوونی هەیە؟  پرۆلیتاریای مۆدێرن، وەک میراتگر و قوتابی کۆمەڵگەی بۆرژوازی، زۆر دوورە لە لەدایکبوونی مرۆڤێکی مەتریالیستی و تەندروست لە خوێن و لەش تەنیا بۆ وێنەکێشانی خۆشەویستی و بەهێزیی بۆ ئایدیاکانی لە ئەشکەنجەدا کە لەگەڵ مۆڕاڵی کۆیلەییدا گونجاوە.

ئایا لە کۆتاییدا تەنیا دادپەروەریی دۆزەکەمان ئێمە زۆر بەهێز دەکات؟ دۆزی چارتیستەکان Chartistsلایەنگرانی وێتلینگ Weitling[4] و قوتابخانەکانی سۆشیاڵیستە یۆتۆپییەکان لە دۆزەکەی ئێمە کەمتر دادپەروەرانە نەبوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان هەر زوو لە بەرانبەر بەرگریی کۆمەڵگەی مۆدێرندا شکستیان هێنا.

ئەگەر بزووتنەوەی کرێکاری هاوچەرخ سەرکەوتوانە دژی هەموو کردارێکی توندوتیژیی جیهانی دوژمن بەرگری کرد بێت، ئەوا بەتایبەتی ئەمە پەیوەندی بە تێگەیشتنی قووڵی یاسایی بابەتی گەشەکردنی مێژووییەوە هەیە. تێگەیشتن لەو فاکتەی کە "بەرهەمهێنانی سەرمایە لەگەڵ بەردەوامی پرۆسەی سروشتیدا دێت، واتا لەگەڵ نەفیکردنی خۆی" (Marx 1867, 929) و بە شۆڕشی سۆشیاڵیستی کۆتایی دێت. ئەم تێگەیشتنەیە کە بزووتنەوەی کرێکاری لێیەوە گەرەنتی سەرکەوتنی کۆتایی خۆی دەکات، نەک تەنیا عەفەوییانە، هەروەها سەرکەوتنی خۆی لە هێمنی، دەسەڵاتی کردارنواندن و ئازایەتی ئەزموونکردن گەرەنتی دەکات.

یەکەم مەرجی سەرکەوتن لە سیاسەتی خەباتدا بریتییە لە تێگەیشتن لە بزووتنەوە نەیارەکان. بەڵام کلیلی تێگەیشتن لە سیاسەتی بۆرژوایی چییە، ڕۆچوون بۆ ناو ئەنجام و پێچەڵپێچەکانی سیاسەتی ڕۆژانەیی، کەواتە لە ئەنجامدا ئێمە بە یەکسانی لە وەهم و سوپرایزەکان پارێزراوین؟ کلیلەکە هیچی تر نییە جگەلە تێگەیشتنێک کە یەکێک پێویستە هەموو فۆڕمەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەناو خۆیاندا پەیوەست بە

بەرژەوەندییەکانی چین و گروپەکان ڕوون بکاتەوە، هەروەها لەناو دژایەتی ژیانی ماتریاڵی و لە دوا نموونەدا لەناو ئەو "ململانێیەی کە لە نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا هەیە" (Marx 1859, 263). چ شتێک توانا بە ئێمە دەدات تاکو سیاسەتمان لەگەڵ دەرکەوتنە نوێیەکانی ژیانی سیاسی بگونجێنین، وەکو بۆ نموونە سیاسەتی جیهانی، و بەتایبەتی هەڵسەنگاندنی، هەروەها بەبێ بەهرەیەکی تایبەت و مەعریفەیەکی قووڵ، لەگەڵ بڕیاردانێکی قووڵ کە جەوهەری دەرکەوتن خۆی بگرێت، لە کاتێکدا بەهرەدارترین ڕەخنەگرە بۆرژواکان تەنیا لە ڕووالەتدا ماونەتەوە و بێهیوایانە دژی هەموو تێگەیشتنێکی قووڵ دەوەستنەوە؟ دووبارە، هیچ شتێکی تر لە تێڕوانینی مێژوویی گەشەکردن زیاتر لەسەر بنەمای ئەو یاسایە دانەمەزراوە کە "شێوازی بەرهەمهێنانی ژیانی ماتریاڵی مەرجە بۆ پرۆسە گشتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕۆشنبیری" (Marx 1859, 263).

ئەوە چییە کە لە سەروو هەموو شتێکەوە پێوەری دوورکەوتنەوە لەناو هەڵبژاردنی ڕێگەکان و ئامرازەکانی خەبات بۆ ئێمە دابین دەکات کە ئەزموونە بێئامانجەکان و یۆتۆپیاکان بەفیڕۆدانی وزەن؟ ئەگەر لە ئاڕاستەی پرۆسەی سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگەی هاوچەرخ تێگەیشتین، ئەوا ئەم تێگەیشتنە دەتوانێ ببێت بە پێوەر نەک تەنیا بۆ ئاڕاستەکردنی پلانی کەمپەینەکەمان بەڵکو بۆ هەموو وردەکاری هەوڵ و خەباتە سیاسییەکەشمان. بەهۆی ئەم ڕێنمایەوە بۆ یەکەم جار چینی کرێکار توانی ئایدیای سۆشیالیزم لە تەنیا ئامانجێکەوە بهێنێتە ناو ژیانی سیاسی ڕۆژانە و وردەکاری سیاسەتی ڕۆژانەش بەرز بکاتەوە بۆ ئیشکردن بۆ ئایدیایەکی گەورە وەک ئامرازێکی جێبەجێکردن. پێش مارکس سیاسەتی بۆرژوازی لەلایەن کرێکارانەوە ڕابەرایەتی کراوە و هەروەها سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕانەش هەبووە. بەڵام تەنیا لە سەردەمی مارکسەوە و بەهۆی مارکسەوە سیاسەتی چینی کرێکاری سۆشیالیست لەدایک

دەبێت، ئەوە لە هەمان کاتدایە کە بە واتای پڕی هەر دوو وشەکە ڕیالپۆلەتیکی *Realpolitik* شۆڕشگێڕانە هاتۆتە ئاراوە.

ئەگەر ئێمە وەها لە ڕیالپۆلەتیک تێبگەین وەک سیاسەتێک کە تەنیا خۆی وا دادەنێت کە ئامانجەکانی شیاوی بەدەستهێنانن بۆیە هانی بەدەستهێنانی کاریگەرترین ئامرازەکان لە کەمترین کاتدا دەدات، بۆیە جیاوازی لە نێوان سیاسەتی چینی پرۆلیتاریا کە لە مارکسەوە سەرچاوە دەگرێت و سیاسەتی بۆرژوازی ئەوەیە کە سیاسەتی بۆرژوازی ڕاستەقینەیە لە ڕوانگەی سیاسەتی ماتریالی ڕۆژانەوە، لە کاتێکدا سیاسەتی سۆشیالیستی ڕاستەقینەیە لە ڕوانگەی گەشەکردنی بەردەوامی مێژووییەوە. بەتەواوی دەکرێ هەمان جیاوازی لە نێوان تیۆریی سادەی بەهای ئابووری، کە وەها لە بەها تێدەگات وەک شتێک لەناو دەرکەوتندا لە ڕوانگەی وەستانی بازاڕەوە، لەگەڵ تیۆریی مارکسی کە وەک پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو لە بەها تێدەگات.

بەڵام ڕیالپۆلەتیکی پرۆلیتاریا شۆڕشگێڕانەیە کە قووڵ ڕۆدەچێتە هەموو بەشەکانی هەوڵدانەکانی لە پشتی سنوورەکانی سیستەمی هەبوو کە لەناویدا ئیش دەکات، لە ڕێگەی هۆشیاری بە خۆی تەنیا وەک قۆناغێکی سەرەکی کردار، ڕیالپۆلەتیکی پرۆلیتاریا بۆ سیاسەتی حوکمکردن و شۆڕشی پرۆلیتاریا دەگۆڕێت. بەم شێوەیە، تیۆریی مارکس هەموو شتێک ڕۆشن دەکاتەوە و دەبزوێنێت- دەسەڵاتی مۆراڵی، کە لە ڕێگەیەوە ئێمە بەسەر مەترسییەکاندا زاڵ دەبین، تاکتیکەکانی خەباتمان، تەنانەت دوا وردەکارییەکانی، ڕەخنەکانمان لە نەیارەکانمان، تووڕەییە ڕۆژانەییەکانمان، کە بەهۆیەوە ئاپۆرا دەبەینەوە، هەموو ئیشەکانمان ئامۆژگاریی و ڕێنماییەکان. هەروەها ئەگەر ئێمە لێرە و لەوێ چێژ لە وەهمێک وەردەگرین کە سیاسەتمان ئەمڕۆ بە هەموو هێزی ناوەکی خۆیەوە سەربەخۆیە لە تیۆریی مارکس، ئەوا ئەمە تەنیا ئەوە پیشان

دەدات کە پراکتیکەکانمان بە زاراوەکانی مارکس قسە دەکات، هەرچەندە ئێمە ئەوەش نەزانین، هەر وەکو چۆن مۆلەر لە پەخشانەکانیدا بۆرژوازییانە دەدوا.

ئەوە بەسە کە ئێمە دەستکەوتەکانی مارکس دەخەینە بەرچاو بۆ ئەوەی تێبگەین کە کۆمەڵگەی بۆرژوازی ئەوی کردووە بە دوژمنێکی کوشندەی خۆی لەبەر تێگەیشتنی ئەو بۆ چینی کرێکاری شۆڕشی سۆشیالیستی. ئەوە ڕوون بۆتەوە بۆ چینی باڵادەست کە زاڵبوون بەسەر بزووتنەوەی مۆدێرنی کرێکاران واتا زاڵبوون بەسەر مارکسدا. لە بیست ساڵدا لەکاتی مردنی مارکسەوە، ئێمە زنجیرەیەک هەوڵی بەردەوامماں بینی بۆ تێکشکاندنی ئایدیاکانی مارکس لەناو تیۆری و پراکتیکەکانی بزووتنەوەی کرێکاراندا.

بزووتنەوەی کرێکاران لە سەرەتای مێژووی خۆیەوە لە نێوان دوو جەمسەری یۆتۆپیانیزمی شۆڕشی سۆشیالیستی و ڕیالپۆلەتیکی بۆرژوازی ڕێپیشاندەر بووە. هەموو ئەبسلوتیست یان نیوە-ئەبسلوتیستەکانی کۆمەڵگەی پێش بۆرژوازی بناغەی مێژوویی یەکەمیان دانا. قۆناغی شۆڕشگێڕانەی یۆتۆپی سۆشیالیزم لە ئەورووپای ڕۆژئاوا لە ڕێگەی گەشەکردنی چینی بۆرژوازی فەرمانڕەوا سەرهەڵدەدا، هەرچەندە ئێمە دەتوانین تاکو ئەمڕۆش تاکە شکستەکان دەبینین. مەترسییەکی تر -ونبوونە لەناو تێکەڵەی ڕیالپۆلەتیکی بۆرژوازی- تەنیا لەناو خوولی بەهێزبوونی بزووتنەوەی کرێکاری لەناو پەرلەمانتاریزم دەرکەوت.

بیرۆکەکە ئەوە بوو کە پەرلەمانتاریزمی بۆرژوازی چەک بۆ زاڵبوونی پراکتیکی سیاسەتی شۆڕشی پرۆلیتاریا دابین دەکات و یەکێتیی دیموکراتیی چینەکان و ئاشتی کۆمەڵایەتی بەهۆی ڕیفۆرمەوە پێویستە شوێنی خەباتی چینایەتی بگرێتەوە. چ شتێک بەدەستهێنرا؟ ئەو وەهمە ڕەنگە لێرە و لەوێ بۆ ماوەیەک سەری گرتبێت، بەڵام نەگونجاوی مێتۆدەکانی ڕیالپۆلەتیکی بۆرژوازی بۆ چینی کرێکاران هەر زوو ئاشکرا بوو. شکستی مینیستریالیزم (**وەزارەتگەرایی**) لە فەرەنسا، خیانەتی لیبرالیزم لە بەلجیکا،

تێکشکانی پەرلەمانتاریزم لە ئەڵمانیا، خەونی کورتخایەنی "گەشەکردنی تەواو" پارچە پارچە بوو. یاسای مارکسی بۆ بەردەوامی تیژکردنەوەی دژییەکییە کۆمەڵایەتییەکان وەک بناغەی خەباتی چینایەتی خۆی دامەزراند. هەموو ڕۆژێک نیشانەی نوێ و پرسیاری نوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. لە هۆڵەندا، ٢٤ کاتژمێر مانگرتنی کرێکارانی شەمەندەفەر وەک بومەلەرزە لە شەو و ڕۆژێکدا بۆشاییەکی گەورەی لەناوەڕاستی کۆمەڵگە دروستکرد، کە لێیەوە خەباتی چینایەتی سەری دەرهێنا. هۆڵەندا لەسەر ئاگرە. بۆیە لەژێر ڕۆشنایی مارشی بەتالیۆنەکانی کرێکاران بناغەی دیموکراسی بۆرژوازی و یاسای بۆرژوازی هەڵتەکاند وەک پارچە سەهۆڵێکی تەنک، ئەمەش دووبارە و دووبارە چینی کرێکاری هۆشیار کردەوە کە دوا ئامانجەکانی ناتوانرێ لەسەر ئەو بناغەیە بەدەستبهێنێت. هەموو ئەوانە ئەنجامی چەندین هەوڵ بوون بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی پراکتیکی بەسەر مارکسدا زاڵبن. سەدان هەوڵدەری بەرگریکار زاڵبوونی تیۆریی بەسەر مارکسیزمیان کردە ئەرکی ژیانیان و بەردەبازی پیشەکانیان. ئەوان چییان بەدەستهێنا؟ ئەوان توانیان ئەوە بهێننە ئاراوە لەناو بازنەی ئەنتەلێجێنیسا باوەڕدارەکانیان کە ئیشەکانی مارکس "تاک-ڕەهەند" و "توندڕەو"ن. بەڵام تەنانەت ئەو ئایدیۆلۆگە بۆرژوازییانەش کە دەتوانرێ بەهەند وەربگیرێن، وەک ستاملەر Stammler[5] لەوە تێگەیشتبوون کە ناتوانرێ هیچ شتێک بەدەستبهێنرێ لەگەڵ "کەمێک زیاتر یان کەمێک کەمتر نیوە ڕاستییەکان" دژ بە "تیۆری [مارکسی]یەکی وەها قووڵ و دامەزراو" بەڵام ئەکادیمیای بۆرژوازی دەتوانێ بەگشتی دژی چ شتێک بێت لەناو تیۆریی مارکسیدا؟

چونکە مارکس جەختی لەسەر ڕوانگەی مێژوویی چینی کرێکار کردۆتەوە لەناو فەلسەفە، مێژوو و ئابووریدا، لێکۆڵینەوەی بۆرژوازی لەو مەیدانانەدا خۆی ونکردووە. فەلسەفەی کلاسیکیی سروشت کۆتایی هاتووە. فەلسەفەی بۆرژوازیی مێژوو کۆتایی هاتووە. زانستی ئابووریی سیاسی کۆتایی هاتووە. لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا، هەتاکو

ئێستا سەروەرێتی نائاگا و ناکارای ماتریالیزم بوونی نییە فرە سەرچاوەیی لەناو هەموو ڕەنگەکاندا تیشکدانەوەی هەیە و جێگەی هەر تیۆرییەکیی یەکگرتووی گرتۆتەوە. بۆیە وازهێنان لە ڕوونکردنەوەیەکی یەکگرتوو بۆ پرۆسەی مێژوو یان فەلسەفەی مێژوو بەم شێوەیە هەیە. ئابووری لە نێوان دوو قوتابخانەی "**مێژوویی**" و "**خودی**" دێت و دەچێت. یەکێکیان پرۆتێستە دژ بە ئەوی تر. هەردووکیشیان پرۆتێستن دژ بە مارکس. یەکەمیان تیۆریی ئابووری نەفی دەکات یان مەعریفەی ئەو مەیدانە، لە پرنسیپدا بۆ ئەوەی مارکس نەفی بکات، لە کاتێکدا دووەمیان تەنیا میتۆدی لێکۆڵینەوەی بابەتی نەفی دەکات، کە یەکەمیان ئابووری سیاسی دەکات بە زانست. بەجەختییەوە پێشانگەی کتێبی زانستی کۆمەڵایەتی هەموو مانگێک کۆمەڵێک بەرهەم دەخاتەوە لە ئەنجامی بازاڕی بۆرژوازی. ئەستوورترین بەرگەکان لەلایەن پرۆفیسۆرانی مۆدێرن و ئارەزوومەند نووسراون کە بەشێوەیەکی فراوان و مەکینەئاسا سەرمایەدارییان خێراتر کردووە. بەڵام لەناو ئەو جۆرە کتێبە بەئاگایانەدا لێکۆڵەرەوەکانیان وەکو نەعامە سەریان لەناو گڵێکی کەم و دیاردە پەرتەوازەکاندایە، بۆیە بۆ ئەوان پێویست نییە پەیوەندییە فراوانترەکان ببینیت و تەنیا بۆ پێداویستییە ڕۆژانەییەکان ئیشیان کردووە. یان لێکۆڵینەوە تەنیا بیرکردنەوەیەکی ساختە و تیۆریی کۆمەڵایەتی ساختەی دروستکردووە، کە لە دوا جاردا تەنیا وێنەدانەوەی بیرکردنەوەکانی مارکس بووە کە لەژێر ڕازاندنەوەکاندا شاردراونەتەوە، و ناڕەزایین لە چێژی گرێدراو بە کاڵاکانی بازاڕی مۆدێرن. بیرکردنەوەی سەربەخۆ، ڕوانین لە دوور یان وزەی کورتکردنەوە لە هیچ شوێنێک نادۆزرێتەوە. ئەگەر ئەو گەشەکردنە کۆمەڵایەتییەی بەدەستهاتووە زنجیرەیەکی نوێی کێشەی زانستی دروستکرد بێت، ئەوا دیسان تەنیا میتۆدی مارکسییە کە دەتوانێ ڕێگەکانی چارەسەرکردنیان پێشکەش بکات.

بۆیە لە هەموو شوێنێک تەنیا لە ڕێگەی بێتیۆرییێتی و گومانی مەعریفییەوە، زانستی کۆمەڵایەتی بۆرژوازی  دەتوانێ دژیی مەعریفەی مارکسی بێت. تیۆریی مارکسی منداڵی زانستی بۆرژوازییە، بەڵام لەدایکبوونی ئەم منداڵە لەسەر حسابی ژیانی دایکی بووە. بۆیە گەشەکردنی چینی کرێکار چەکی لە دەستی بۆرژوازی دەرهێنا، کە دەیویست لە جەنگی دژی سۆشیالیزمی مارکسیستی بەکاری بهێنێت. بۆیە ئەمڕۆ، ٢٠ ساڵ دوای مەرگی مارکس، کۆمەڵگەی بۆرژوازی زۆر بێدەسەڵاتە بەرانبەر مارکس، بەڵام مارکس لە هەموو کات زیندووترە.

بێگومان، کۆمەڵگەی هاوچەرخ یەک ئاسوودەیی بۆ ماوەتەوە. لە کاتێکدا کۆمەڵگە خەبات دەکات بۆ دۆزینەوەی ئامرازەکان بۆ زاڵبوون بەسەر تیۆریی مارکسدا، تێبینی ئەوەی نەکردووە کە تاکە ئامرازی ڕاستەقینە بۆ کردنی ئەم کارە لەناو خودی تیۆرییەکانی مارکسدا خۆی حەشارداوە. چونکە لە ڕێگەی مێژووەوە، تیۆریی مارکسی بانگەشەی ڕەوایەتی سنووردار و کاتی دەکات. چونکە لە ڕێگەی دیالێکتیکەوە، تیۆریی مارکسی تۆوەکانی خۆهەڵوەشاندنەوەی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە.

ئەگەر ئێمە خۆمان لە بەشە نەگۆڕەکەی دابماڵین، واتا لە مێتۆدی مێژوویی لێکۆڵینەوە، ئەوا تیۆریی مارکسی لە هێڵە گشتییەکانیدا پێک دێت لە تێگەیشتنەکان لە ڕێگە مێژووییەکان کە لە دوایەمین "دژەکانی" ناو کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەسەر بنەمای ململانێی چینایەتی دامەزراون، بەرەو کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی کە لەسەر بنەمای هاوکاریی بەرژەوەندی هەموو ئەندامانی بونیادنراوە.

تیۆریی مارکسی بەتایبەتی، وەک تیۆرییە کلاسیکییەکانی ئابووریی سیاسی، بریتییە لە وێنەدانەوەی هۆشەکی قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەکردنی ئابووری و سیاسی، واتا گواستنەوە لە قۆناغی مێژوویی سەرمایەدارییەوە بۆ سۆشیالیستی. بەڵام تیۆریی مارکسی زیاترە لەوەی تەنیا وێنەدانەوە بێت. گواستنەوەی مێژوویی کە مارکس

ناساندوویەتی ناتوانرێ بەبێ مەعریفەی مارکسی جێی خۆی بگرێت، واتا تاکو نەبێت بە مەعریفەی چینێکی دیاریکراو لەناو کۆمەڵگە: پرۆلیتاریای مۆدێرن. بۆیە تیۆریی مارکسی دەبێتە شێوەی هۆشیاری چینی کرێکار و بەم جۆرەش دەبێتە توخمێکی مێژوویی کە پێشمەرجە بۆ هاتنەدی شۆڕشی مێژوویی کە لەناو تیۆریی مارکسدا نەخشەکێشراوە.

تیۆریی مارکس بەبەردەوامی لەگەڵ هەموو پرۆلیتاریایەکی نوێدا کە پشتیوانی خەباتی چینایەتی دەکات، ڕاستییەتی خۆی دەسەلمێنێت. بۆیە تیۆریی مارکس لە هەمان کاتدا بەشێکە لە پرۆسەی مێژوویی و هەروەها خۆشی بریتییە لە پرۆسە. شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەبێتە دوا بەشی کتێبی "مانیفێستی کۆمۆنیستی".

لە ئەنجامدا، ئەو بەشەی تیۆریی مارکسی کە مەترسیدارترینە بۆ سیستەمی کۆمەڵگەی هەبوو زوو یان درەنگ بەسەریدا زاڵ دەبێت. بەڵام تەنیا پێکەوە لەگەڵ سیستەم و ڕیزبەندی هەبووی کۆمەڵگەدا.



## References

Engels, Friedrich. 1887/88. Anti-Dühring: Herrn Eugen Dührings Revolution in Science. In *Marx & Engels Collected Works (MECW) Volume 25*, 1–309. London: Lawrence & Wishart.

Engels, Friedrich. 1886. Ludwig Feuerbach and the End of Classical German Philosophy. In *Marx & Engels Collected Works (MECW) Volume 26*, 353–398. London: Lawrence & Wishart.

Marx, Karl. 1867. *Capital Volume I*. London: Penguin.

Marx, Karl. 1859. Preface to A Contribution to the Critique of Political Economy. In *Marx & Engels Collected Works (MECW) Volume 29*, 261-265. London: Lawrence & Wishart.

## پەراوێزەكان

[1] . كاسمیر پێری (١٧٧٧-١٨٣٢) خاوەنبانك و سیاسییەكی فەڕەنسییە، نۆیەم سەرۆكوەزیرانی فەڕەنسا بووە لە ساڵی (١٨٣١-١٨٣٢)

[2] پێویســـته تێبینــی ئەوە بکرێــت لە ١٩٠٣دا کاتێــک لۆکســـمبێرگ ئەو تێکســـتەی بڵاوکـــردۆتەوە هـــیچ جیاکـــارییەکی زمـــانەوانی لە نێـــوان سۆســـیال دیمـــوکراتی و کۆمۆنیزمـــدا نەکرابـــوو. پـــارتە کۆمۆنیســـتییەکان هێشـــتا لە پـــارتە سۆســـیال دیموکراتییەکـــان جیـــانەکرابوونەوە. بـــۆیە کاتێـــک لۆکســـمبێرگ لەبـــارەی سۆســـیال دیمـــوکراتی قســـە دەکـــات، مەبەســـتی ئەو پـــارت و بـــزووتنەوانەیە کە ئامانجیـــان گۆڕینی بنەڕەتی کۆمەڵگە و ڕووخاندنی سەرمایەدارییە.

[3] سەرۆکی ئیمپڕاتۆریەتی ئەڵمانی ئۆتۆ ڤۆن بسمارک (١٨١٥-١٨٩٨) یاسایەکی دەکرد دژی مەترسی گشتی هەوڵ و خەباتی سۆسیال دیموکراتەکان کە لە ساڵی ١٨٧٨دا بە (یاسای دژە-سۆسیالیست) باشتر ناسرا. ئەم یاسایە تاکو ساڵی ١٨٩٠ کاری پێدەکرا و کۆبـــوونەوە، بڵاوکـــراوە، یەکێتییەکـــان و کۆمەڵەکـــانی کە لەلایەن پرنســـیپە سۆسیالستییەکانەوە ڕێبەرایەتی دەکران قەدەغە کردبوو.

[4] ویلهێلم ویتلینگ (١٨٠٨-١٨٧١) نووسەر و چالاکوانێکی سەرەتای کۆمۆنیست بووە.

[5] ڕۆدۆلـف سـتاملەر (١٨٥٦-١٩٣٨) تیـۆردارێژەرێکی یاسـایی بـوو و لە ئەڵمانیـا نوێنەری سەرەکی فەلسەفەی یاسای نوێ-کانتی بوو.